www.kurdistannet.org

# ئوستانفیدرالی

حەمەسەعید حەسەن

پەرلەمانی کوردستان گەرچی لیستی (کەسک) تێیدا تژی بوو لە فایل(ڕەش،) لە پاییزی (زەرد)ی ۱۹۹۲ەوە باس لە عێراقێکی فیدرال دەکات کە تێیدا کوردستان بە شنگار و کەرکووک و خانەقینیشەوە هەرێمێکی فیدرالی دەبێت. ئەو فیدرالییەی کورد دەیخوازێت، فیدرالییەکی جوگرافییە و هەموو ناوچەکانی باشووری کوردستان دەگرێتەوە، بە چاوپۆشین لەوەی بەعس دیمۆگرافیای فلان شار یان فیسار دەڤەری کوردستانی گۆڕی بێت یان نا. هەرێمێک هەیە ناوی کوردستانە و سنوورەکەشی روون و ئاشکرایە، سەراپای ئەو هەرێمە دەبێت، یەک هەرێمی فیدرالی بێت، ئەمە مشتومڕ هەڵناگرێت و هەر کوردێک لە بستێکی ئەو هەرێمە خۆش ببێت، ناپاکە.

دوا شەرمەزاری کە تاڵەبانی بۆ خۆی تۆمار کرد لە ۲۰۰۳/۱۱/۱۵ دابوو، ئەو کاتەی لەگەڵ (پۆڵ بریمەر و داڤید ڕیچمۆند)دا ئیمزای لەسەر بەڵگەنامەیەک کرد کە ئایندەی عێراق دەستنیشان دەکات و تێیدا هیچ باسێک لەمەڕ مافی کورد نییە.* لەو بەڵگەنامەیەدا عێراق دەبێتە کۆمەڵێک ئوستانی فیدرالی و قوربانی و خەباتی، لای کەم چل و دوو ساڵی کورد (۱۹٦۱ ـ ۲۰۰۳) فەرامۆش دەکرێت.

ئەو بەڵگەنامەیەی کە تاڵەبانی بە شانازییەوە پەسەندی کردووە، باس لە داهاتووی عێراق دەکات و ناوی کوردی تێدا نییە، ئەمەش لە ناپاکی بترازێت، هیچ لێکدانەوەیەکی دیکە هەڵناگرێت. تاڵەبانی سوور دەزانێت، ئەگەر سبەی لە هەرێمی کوردستاندا هەڵبژاردن بکرێت، ینک دەیدۆڕێنێت، کەواتە بۆیە بە ئوستانفیدرالی قایل دەبێت، تا ئوستانی سلێمانی کە تەنیا لەوێ ئەگەری ئەوە هەیە، زۆربە دەنگ بە ینک بدەن، هەر لە بندەستی خۆیدا بمێنێتەوە.

تاڵەبانی کە فایلپیسێکی وەک سەعدی پیرە بە نیازی گڵاوکردنی پەرلەمانی کوردستان بکاتە سەرۆکی فراکسیۆنی حیزبەکەی، چاوەڕێی ئەوەشی لێ دەکرێت، سەروەختی سەرۆکایەتیکردنی ئەنجوومەنی حوکمی عێراق، لە بیری بچێتەوە کە کوردە. ئەگەر نا، ئەدی کوو لەو بەڵگەنامەیەدا کە چارەنووسی عێراق دیاری دەکات و ئیمزای ئەوی لەسەرە، نەک هەر باسی مافی کورد نەکراوە، تەنانەت ناوی کورد، نە بە چاک، نە بە خراپ، نەهاتووە!

2003. 12. 27

* شیاوی گوتنە هەفتەنامەی هاوڵاتی (ژ: ۱۵۳ ل: ۲) وەک کەناڵێکی سەر بە دەزگای زانیاری، لە قازانجی ینک، ئەم دەستکارییانەی بەڵگەنامەکەی کردووە.

(۱) ناوی بەڵگەنامەکە: (Agreement on politcal process) ڕێککەوتننامە سەبارەت بە پرۆسەی سیاسییە، هاوڵاتی کردوویە بە: ڕێکەوتننامەی نێوان پۆل برێمەر و ئەنجوومەنی حوکم.

(۲) لە کۆتایی بەڵگەنامەکەدا، لە بری ئەنجوومەنی حوکم، تەنیا جەلال تاڵەبانی و لە جیاتی دەسەڵاتی کاتیی هاوپەیمانان، پۆڵ بریمەر و داڤید ڕیچمۆند، ئیمزایان کردووە، هاوڵاتی ناوی جەلال تاڵەبانی و داڤید ڕیچمۆندی فەرامۆش کردووە.